# توركیای ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا
# کوڕێکی لەدەست چوو یا گورگێک لە پێستی مەڕ

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

ماوەیەکی زۆرە مقۆمقۆیەکی زۆر هەیە لە نێوان نوسەرو بیریارانی ئەورووپی سەبارەت بە ئەندام بوونی توركیا بۆ یەکێتی ئەوروپا. هەڵبەت بەرەی دژ بە ئەندام بوونی توركیا زۆر گەورەیەو لە زیادبوونیشدایە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەندێ لە بیریارانی ئەرووپا پرسەکە لە دیدگایەکی جیا لە دیدگای زۆرینەکەدا دەبینن بە تایبەتیش بەرەی ڕاستڕەوی ئەورووپی.

ئەم تایتلەی سەرەوە تایتلی دیدارێک بوو لاورینس فان ئاپلدۆرن ( Laurens van Apeldooren) لە گۆڤاری فیلۆسۆفی هۆڵەندی لەگەڵ ئەریک یان زورخەر ( Erik Jan Zúrcher) بیریارو نوسەری هۆڵەندی ئەنجامیدابوو.
ئەریک یان زورخەر دەڵێ: توركیاو دەوڵەتی پێشوتریش کە مەبەستی ئیمبراتۆریەتی عوسمانیە هەرگیز خۆیان وەکو بەشێک لە ژیاری ئیسلامی نەبینیوە. هەروەها دژی ئەو بیرۆکەیەشە کە دەڵێ: "توركیا کولتورێکی ڕادیکاڵی جیاوازی هەیە لە کولتوری ئەوروپا، بۆیە توركیا شوێنی لە یەکێتی ئەوروپا نابێتەوە". ئەریک بە شێوەیەکی درێژدادڕ دەچێتە ناواخنی ئەو مەسەلەیەو سەرەتای مۆدێرنە لە توركیا دەباتەوە بۆ 1830 نزیکەی 40 ساڵ دوای شۆڕشی فەرەنسا. ئەگەر چی بە نەرمی گلەیی لە تێڕوانین و پێڕەوی ئەتاتۆرک دەکا بە داڕشتنی دەوڵەتی توركیا لەسەر بناغەی یەک نەتەوە لەتوركیا، بەڕای ئەو ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە دادوەری پاشەکشە بکات و ئازادیەکانی گەل سنووردار ببن. بەڵام خێرا فریای ئەو پێکهاتەیە دەکەوێ و دەڵێ: لای هێردەرو ڕۆسۆ ئیندیڤیدوالیزمە (فەردانیەت) بوونی نیە بێ کۆمەڵگا. بە ڕای ئەو هەر ئەو کۆمەڵگایەش هەویەیەک (ئیدنتیتێک) دەداتە دەوڵەتو سوپا، ئەو سوپایەی کە ئەگەر پێویست بێ بە دەستێکی پۆلایین ئاساییشی نەتەوەیەک دەپارێزێ.
بەڕای من ئەمە ڕاوبۆچوونێکە لە دیدگاییکی زۆر یەکلایەنە دەچێتە ناو بابەتەکە، کۆمەڵێک ڕاستی لە بیردەکا یا باشتر بڵێم خۆیان لێ گێل دەکا. بەداخەوە زۆرێک لەو جۆرە نوسەرو بیریارانە لە دوورەوە تەماشای سێبەری ئەو دەوڵەتە دەکەن، بێئەوەی لێکدانەوەیەکی دروست و واقیعی بۆ عەقلیەتی مرۆڤی تورک و ڕەفتارەکانی بکەن.
ئاخر گرفتی ئەریک یان زورخەر تێڕوانینێکە تەنها لە بیستنی ئەو ڕاگەیاندنانە دایە کە بەرپرسانی تورک هەمیشە وەکو پروپاگندە بۆ خۆیانو شەرعیەتدان بە سیاسەتی خۆیان کاریان لەسەر کردووە. ئەو لە هەمان ئەو ساتانەی پێی وایە بڕوای بە ململانێی ژیارەکان نیە، ڕەخنە لە هانتگتۆن دەگرێ کە باس لەو جۆرە ململانێیە دەکات، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە کولتوری توركیا کولتورێکی ئەورووپیە، لەبەر ئەوە ململانێ دروست نابێ. باس لەوە دەکا کە

نوخبەی تورک، هەروەها چینی ناوەندیش خۆیان بەلاوە ئەوروپیە، وەکو ئەوروپیەکانیش ڕەفتار دەکەن، بە پیشاندانی وێنایەکی ئەوروپی و داب و نەریتی ئەوروپیش. ئەو پێی وایە دینداره توندەکانیش هەمان هەست و نەستیان هەیە. لێرەدا من باس لەوە ناکەم داخۆ تورکەکان بەو ڕێژەیە وا بیردەکەنەوە. بەڵام قسەی ئەو لە دوو لاوە دوچاری قەیران دەبێ و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، لە لایەک ئەو گەورەترین پێکهاتەی ئەو وڵاتە کە نەتەوەی کوردە لە بیر دەکات و تورک ئاسا بە هیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەی ناوهێنانی کورد نادات. لە لاییکی تریش بەو قسانەی دەیەوێ بسەلمێنێ کە بیردۆزەکەی هانتینگتۆن ڕاست نیە.
ئەو ئەوە لە بیردەکات کە ئیشکالیەت لە خودی عەقلی ئینسانی تورک دایە. پێوەرەکانی ئەو عەقلیەتە هەرگیز لەگەڵ پێوەرەکانی کۆپنهاگن تێکناکەنەوە. تورکیا تا ئەو ساتەش دەوڵەتی تاک نەتەوەیە، لە یاسای بنچینەیی تورکیادا ئەو ئینکارکردنە بە ئاشکرایی دیارە و تورکیا بەیەک میللەت، یەک زمان یەک کولتور ناو دەبات. بۆیە کە تانسۆ چیللەر لە 1993دا گوتی تورکیا یەک میللەت و یەک زمان و یەک کولتورە، سەناتۆری بەلجیکی لیۆنەل فان دەر بیرگ دەڵێ: ئەو کاتە تێگەییشتین کە تورکیا ئامادە نیە ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. وێڕای ئەوەش جیاوازیەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا خۆی لەو خاڵانە دەنوێنێ:

1- تورکیا دەوڵەتێکی مسوڵمانە. ئەگەر چی ئیسلامەتی لە تورکیا هەمیشە چەکێک بووە بۆ جوانکردنی تورکایەتی. بەڵام هەر کەسێک بچێتە قوڵایی کۆمەڵگای تورکی، کاریگەری ئیسلام لەو کۆمەڵگایە هیچی لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی تر کەمتر نیە. بۆیەش پێم وایە ئەریک یان زورخەر لەو خاڵە تەواو دەسەر چووە. چونکە تەنانەت لە ڕۆژئاواش وەچەی دوەم و سێیەمی تورک ناتوانێ بتاوێتەوە ناو کۆمەڵگای ڕۆژئاوا، ئەمڕۆ گەورەترین گرفتی ئەو کۆمەڵگایە مەسەلەی ئینتگرێیشنە. تورک و ڕەوەندی تری ئیسلامی لە ئەوروپا کۆمەڵگاییکی بچوکیان پێکهێناوە، زۆربەی جاران نە هاوبەشی خەمەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوان، نەدەشزانن چ دەنگ و باسە. چونکە بە شێوەیەکی گشتی خەریک و سەرقاڵی کارو کەسابەتن و لە کاتی بەتاڵ و پشوەکانیشیاندا کاتەکانیان لە مزگەوت(1) و لە سەردانی یەکتر بەسەر دەبەن. بۆ نمونە تورک لە هەمان ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەریک یان زورخەری تیادا دەژیێ، خۆیشی دەزانێ کە ئەوان وێڕای مزگەوت، نوسینگەی کاری تورکی، چایەخانەی تورکی، نانەواخانەی تورکی، مارکێتی تورکی، چێشتخانەی تورکی، بیرۆی سەفەری تورکی و یارمەتیدەری کاروباری دارایی تورکیان هەیە، تا ئەو ئاستەی کەموایە تورک پێویستی بە قسەکردن بێ لەگەڵ هۆڵەندیەک. بۆیە زۆربەی سیاسیەکانی هۆڵەندا قسە لەو کێشانە دەکەن کە ڕەوەندی تورک و مەغریبی بۆ ئەوان دروستی دەکات.
2- هەروەها ئەریک یان زورخەر ئەوەش لە بیر دەکات کە تا ئەو چرکە ساتەش کۆمەڵێک کێشەی جیددی لە تورکیا بێ چارەسەر ماونەتەوە، لەوانەش:

أ- کێشەی کورد.
ب- کێشەی دیموکراسی.

ت- کێشەی ئابووری.
ث- بوونی گەورەترین جیاوازی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تورکیا.
ج- بێکاری. کە گەورەترین پرس و ترس بۆ یەکێتی ئەوروپا دروست دەکات.
ح- کێشەی کۆچ پێکراوان، کە کورد بەشی هەرە زۆریان پێکدەهێنێ.
خ- نەبوونی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کورد لە پەرلەمانی تورکیا.
د- پەیرەوکردنی سیستمی جەردەوانی.

ئەمەو کۆمەڵێک وردە کێشەی تر کە لێرە ناتوانین لەوە زیاتر بە فراوانی باسیان لێوە بکەین. لە بوونی ئەو هەموو کێشانەش ئەریک یان زورخەر قسە لە مۆدێرنێتە دەکات، بۆیە ناچار دەبم بپرسم داخۆ مۆدێرنێتە بەلای ئەو، ئەتاتۆرک ئاسا، هەر شەبقە لەسەر نانە یان شتێکی ترە؟. لە بیری دەچێ گەورەترین و خراپترین جوێنێک کە هەر کەسێک بە تورکێکی بدات، پێی بڵێ: تۆ کریستیانی. بۆیە ئەو بەهارەی ئەریک بۆ زیهنیەتی ئەوروپییەکان دەیهێنێتە ناوقەد، هاوکاتە لەگەڵ گەورەترین باو و باران و کڕێوە.

شایەنی باسکردنیشە کە ئەو ڕیفۆرمەی ئا کە پە (AKP) پروپاگندەی بۆ دەکا، پرۆسەیەک نیە لە قەناعەتەوە بە ڕیفۆرم دەستی پێکردبێ، بەڕێز لەیلازاناش لە وتارەکەیدا لە یەکێتی ئەوروپا بە جوانی لەسەر ئەو پرسە ڕاوەستا. یەکێتی ئەوروپاش ئەوە باش دەزانێ کە ئەو پرۆسەیە لەژێر گوشاری ئەوان دەستی پێکردووە، تا ئێستاش گۆڕانەکان تەنها لە ڕواڵەتەوە کراون، هیچ جەوهەرێکیش دەسکاری نەکراوە، گەورەترین و گرنگترین جەوهەریش دەستوری تورکیایە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەگەڵ بچوکترین ڕیفۆرمی گەوهەردار پێکهاتەی ئەو دەوڵەتە دەکەوێتە ژێر پرسیار، ناوی ئەو دەوڵەتە بە ناوی تاک نەتەوەیەکەوە هاتۆتە دونیا. بێجگە لەوەش وتارو دیدو بۆچوونەکانی کەمالیزمیش ناکۆکن لەگەڵ پرنیسیپەکانی کۆپنهاگن، هەموو ئەو بەهایانەی کە ئەوروپییەکان بڕوایان پێ هەیە. بژاردەی سیاسی تورکیش تا هەنوکە بڕوای بە دەوڵەت و دەسەڵاتی شێوە مەرکەزیەو بە عەقلیەتی سوپاسالاری بە ئاسانی ناگاتە ئەو ئاستەی کە لە هەندێ لە دەسەڵاتەکانیان دابەزن بۆ هەرێمەکان.

بۆیە دەڵێم دەسەرچوونی ئەریک یان زورخەرو هەموو ئەوانەش کە وەکو ئەو بیردەکەنەوە لەوەدایە: لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵۆزیانەی کە تورکیا تێی کەوتووە و لەگەڵ کۆمەڵێک ئیشکالیەتی گەورەی عەقلیەتی تورک، هێشتا پێیانوایە کە تورکیا کوڕێکی لەدەست دراوە نەک گورگە بۆرەی لە پێستی مەڕ.

---

(1) هیچ ڕەوەندێکی مسوڵمان لە ئەوروپا وەکو تورک سوودی لەو دەزگایە نەبینیوە. بێجگە لەوەی کە زۆریان هەن پابەند نین بە دینداری بەڵام پشودان و خۆشی و ناخۆشیان تەنها لەو دەزگایە دایە، وێڕای ئەوەش کە وەکو دەزگاییێکی دارایی و سیاسیش بەکاری دێنن.

* ئەو بابەتە لە ژمارە 176ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاو بۆتەوە.